Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10331

# فرێزی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسیی لە زمانی کوردییدا

**تریفە محەمەد فەرەج[1]، عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف[2]، فەرەیدوون عەبدل محەمەدد[2]**

١-بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

توێژینەوەکە دەربارەی (فرێزی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسیی لەزمانی کوردییدا)یە، لەبەرئەوە توێژینەوەکە لایەنی دروستەیی فرێزەکان لە دروستە سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دەخاتەڕوو، هەربۆیە تێیدا هەنگاوەکانی پرۆژەسازدانی دروستەی فرێز لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا دەخرێتە ڕوو، بەجۆرێك کە لە ئاستی فەرهەنگدا هەموو ئەو توخمانە دەستنیشاندەکرێن کە دەسەلاتدارن و دەسەڵاتی دروستەییان لەناو پرۆژەی فرێزەکەدا هەیە و وەك سەری دروستەکە جڵەوی دروستەکە دەکەن، واتە توخمەکان لەهەریەك لە فرێزە فەرهەنگیی و فرێزە ئەرکییەکاندا دەخرێنەڕوو. لەبەرئەوە مۆرفۆسینتاکس وەك پێکهاتەیەکی پاش سینتاکس کاری لەسەرکراوەو گریمانەو ئاراستەی کارکردنەکەش هەر لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت. لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی پەسنی شیکاریی بەکاردەهێنرێت. کەرەستەکانی توێژینەوەکە زاری ناوەڕاست شێوەزاری سلێمانی دەبێت. توێژینەوەکە لە دوو بەش و چوار پار پێکدێت، لە پاری یەکەمی بەشی یەکەمدا، هەنگاوەکانی پرۆژەسازدان لەسینتاکسدا ڕوونەکرێتەوە، بۆ ئەوە جۆرەکانی فرێز لە سینتاکسدا دەخرێنە ڕوو، پاشان لەپاری دووەمدا پرۆژەسازدانی فراوانکراو لە سینتاکسدا ڕوونەکرێتەوە. لە پاری یەکەمی بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا پرۆژەسازدان و گریمانەی بەفرێزبوونی جێناوە لکاوەکان/مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن ڕوونەکرێتەوە، لەپاری دووەمدا هەنگاوەکانی پرۆژەسازدانی فراوانکراو لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسیدا ڕوونەکرێتەوە.

***Article Info***

Received: May, 2023

Revised: June, 2023

Accepted: June, 2023

***Keywords***

مۆدێلی مۆرفۆسینتاکس، پرۆژەسازدان، فرێزی ئەرکیی، فرێزی مۆرفۆسینتاکسیی.

***Corresponding Author***

**trefa.mohamed@garmian.edu.krd**

**abduljabar.maroof@univsual.edu.iq**

**faridun.qadir@universal.edu.iq**

## پێشەکی


### 1/ هەنگاوەکانی پرۆژە سازدان لە سینتاکسدا:

فەرهەنگ، گەنجینەو کۆگای زانیارییە زمانییەکانی ئاخێوەری زمانەو پەیوەست بە سینتاکسەوە زانیارییەکانی پەیوەست بە دروستەو ئەرکەوە لەناو هەر توخمێکی زمانیدا گەنجکردووە. بەهۆی زانیارییە دروستەییەکەیەوە دروستەی ڕێزمانی و لەسەر یاسا ڕۆشتووی زمانەکەی دروستەکانی بەرهەمدەهێنێت، هەرچی زانیارییەکانی پەیوەست بەئەرکیشەوە بەپێی بنەماکانی تیۆریی دۆخ و دۆخپێدان و کەرەستە دۆخ وەرگرەکاندان، کە بەهۆیەوە دروستەیەکی بەرهەمهاتوو دەکات بە دروستەیەکی ڕێزمانی تەواو لە زمانەکەدا. بۆیە لێرەوە ئەو تیۆرانە دەخرێنە ڕوو کە بنەمای سازدانی پرۆژە و دروستەن، تا لەڕێگەیەوە هەنگاوی بەرێزمانی بوونی ئەو توخمانی پەیوەست بە دروستەوە بخرێتە ڕوو.

### 1-1/ بنەمای پرۆژەسازدان:Projection Prenciple

وەك پێشتر ئاژمازەی بۆکرا، فەرهەنگ کۆگا و پاشخانی زانیارییەکانی زمانی مرۆڤە، بەواتای ئەوەی کە تۆمارگەی زانیارییە زمانییەکانی مرۆڤە کە زانیاریی فۆنۆلۆژیی،مۆرفۆلۆژیی،سینتاکس،سیمانتیکی تێدا گەنجکراوە، لەبەرئەوە لە سازدان و بەرهەمهێنانی هەر پرۆژەیەکی زمانی لە هەر پێکهاتەیەکی زماندا بێت سود لە فەرهەنگ و زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناو فەرهەنگ وەردەگیرێت. بەمەش(نواندنەکان لە هەرچ ئاستێکی سینتاکسدا بن"دروستەی قووڵ,دروستەی ڕووکەش, فۆرمی لۆجیکیی" لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکەن, کە


تیایـدا کەرەسـتەکان بـەپێی بنـەماکانی پۆلەرەگـەزدیاریکردن تایبەتمەندییان چێکدەکرێن.( Leonard, 2002: 343) بنـەمای پرۆژەسـازدان ئـەوە دەسـتەبەردەکات, کـە زانیارییـە فەرهەنگییەکان لە هەر ئاستێکی نواندنی سینتاکسییدا بن بە نـەگۆڕی دەمێننـەوەو دەچنـە ئاسـتی دروسـتەی قـووڵ و دروستەی ڕووکەش، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، کە پێویستە تایبەتمەنـدیی کەرەسـتە فەرهەنگییـەکان لـە بەرهـەمهێنانی پێکهاتـەی فرێـزدا بپارێزرێت.(زانیارییـەکانی فەرهـەنگ لەگـەڵ کەرەسـتەکاندا دەچنـە دروسـتەی قـووڵ, دواتـر زانیارییـەکان بـەپێی بنـەماکانی تیـۆریی (x bar) دەنـوێنرێن. ( v.j & mark,2007: 78) (پـرۆژە سـازدانیش وەك نەخشـە ڕێگای بەرهـەمهێنانی دروسـتەی سینتاکسـیی وەردەگـیرێن.( سـازان ,2019: 34)، بـە واتـا دروسـتەی کەرەسـتە فەرهەنگییـەکان پێویستە بەشێوەیەك پۆلێنبکرێن، کە هەموو پێکهاتەکانی زمان بیانگرێتەخۆ. بەپێی تیۆریی (x bar) بێکەموکورتترین دروستە لە زمانی مرۆڤدا بریتییە لە:




1- دروسـتەکە نیشانەی(+دەسـەڵاتی دروسـتەیی,+هەڵاوێرکردنی سـیمانتیکی, +دەسـەڵاتی حوکمکردن,+دەسەڵاتی دۆخ)هەیە, بۆیە ناتوانرێت لەوە زیاتر بچوکبکرێتەوە. ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە سەرە دۆخدەرەکان، کە($X^0$)کانن، ناتوانن بەتەنها ببن بە پرۆژەی فرێـز, جگـە لـەو($X^0$)انـەی، کـە لەناواخنیـدا هـیچ تەواوکـەرێك وەك پۆلەرەگەزدیاریکردن/هـەڵاوێرکردنی سـیمانتیکی هەڵاوێرناکات.(سـازان,2019: 56-87)بەمـەش پرۆژەسـازدان لایـەنێکی دروسـتەیی جێبەجێدەکات و یـەکێك لـە تاقیکردنـەوەی پەیوەنـدیی نێـوان ڕێزمـان/ سـینتاکس ئـەو پرۆژانـەن، کەدەبنـە دەسـتپێکی پرۆژەسـازدانی سینتاکسـیی، واتـا بنەماکـە بـۆ سازدانی پرۆژەی سینتاکسیی لە فەرهەنگەوە ئەو توخمانە هـەڵاوێردەکات کـە دەچنـە پێکهاتـەی سینتاکسـەوە. بـەوەش توخمـە فرێـزیی و توخمـە فرێـز بەرهەمهێنـەکان دەستنیشان و جیادەکرێنەوە. بەواتا ئەو توخمانەی، کە توانـای بەرهەمهێنـانی فرێزیـان هەیـە، کـە ($N^0/D^0,p^0,A^0$)کـانن لەگـەڵ ئەوانـەی کـە بەتـەنها ناتوانرێن بنوێنرێن، بەڵکو لە سینتاکسدا پرۆژەی فرێزەکە بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە تێر دەکەن، ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە هەموو ئەو توخمە فەرهەنگیانەی کە نرخی ($X^0$)یان هەیە و فرێزی ئەرکیی بەرهەمدەهێنن ڕاسـتەوخۆ وەك فرێزێـك نـانوێنرێن, بـەواتا نـاتوانن بـبن بەفرێز(x bar) بەڵکو دەبن بە بەرهەمهێنەری پرۆژەی فرێـز بـەهۆی تەواوکـەرەکانیان کـە لـە سینتاکسـدا بـۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی ڕستە هەڵاوێری دەکەن.( $T^0$، $Agre^0$) ئـەو دروسـتانەی، کـە یاسـای پرۆژەسـازدان دەیانگرێتەوە پێڕەوی دوو بنەمای جیهانی بۆ پرۆژەسازدان دەکەن ئەوانیش:

1-بنەمای بوونی سەر,ئەمە ئەوە دەردەبڕێت کە هەرچەشنێکی فرێز بەرهەمی سەرێکە.


2-بنـەمای دوو پـەلکیی, هـەموو فرێزێـك لـە پێکهاتـەی سینتاکسـیدا دەبێـت لەسـەرێك و تەواوکـەرێك پێکبێـت.( Andrew,2004: 43)ڕێسـای پرۆژەسـازدان داوا دەکـات تەواوکەری دروستەکان لەلایەن سەرەکانەوە نوێنەرایەتی بکرێن و بنـوێنرێن. یـەکگـرتنی سـەرو تەواوکـەرەکان بـۆ سـازدانی پرۆژەیەکی سینتاکسیی بە کۆمەڵێك هەنگاودا تێپەڕ دەبن, بۆ ئەوەی دروستەی فرێزەکان ببن بە دروستەیەکی بێکەموکوریی, پەیوەسـت بـە پۆلەرەگـەز دیـاریکردن و حـوکمکردن و دۆخ و دروستەی ئارگومێنتەوە. پێشتر ئەوە ڕوونکرایەوە کە هەنگاوی یەکـەمی سـازدانی پرۆژەیـەکی سینتاکسـیی لـە فەرهەنگـەوە دەسـتپێدەکات. بـەو پێیـەی لـە فەرهەنگـدا ($x^0$)هـەن و بـۆ سـازدانی پرۆژەیـەکی سینتاکسـیی دەبنـە بناغـەو دواتـر لـە پۆلەرەگـەز دیاریکرنیـدا تەواوکـەرێك هـەڵاوێردەکات لەمـەوە پـرۆژە سینتاکسـییەکانی ($x^-$)($x^=$)سـاز دەکرێـت. وەك لـە هێڵکاریی(1)خراوەتە ڕوو.




$XP=Y+X^0$

هـەنگاوی یەکـەمی پرۆژەکـە لـە($X^0$) دەسـتپێدەکات، کـە وەك سـەری پرۆژەسـازدەر لـە فەرهەنگـدا بـە زانیارییـە تیاهەڵگیراوەکانییـەوە دێتـە سـینتاکس و پـرۆژەی فرێـز بەرهەمـدەهێنێت. لـەم قۆناغـەدا پارامێتـەری زمـان بەسـەر درستەکەدا جێبـەجێ نـەکراوە، بـە واتـا پارامێتـەری زمـان دەستنیشـان ناکرێـت، هەربۆیـە ڕیزبوونەکـەی ڕیزبـوونێکی فەرهەنگییەو ویستە فەرهەنگییەکەی سەر بۆ بەرهەمهێنانی دروستەیەکی بێکەموکورت تێردەکات، لە هەنگاوی دووەمدا لەپاش هەڵاوێرکردنی پۆلەرەگەزەکەی لە سینتاکسدا پارامێتەر نیشانە دەکرێت. بەوپێیەی زمانی کوردیی زمانێکی کۆتاپارێزەو

تەواوکـەرەکان بـۆ جێکەوتـەکانی پـێش خـۆی دەگوێزێتـەوە. لەپۆلەرەگـەزدیاریکردنی سینتاکسـییدا بـەپێی پارامێتـەری زمـان کەرەستەکان(سـەرو تەواوکـەر)ڕیزدەکرێن. ئەمـەش ئـەوە دەردەبڕێـت، کـە پێویسـتە توخمـەکان لەلایـەن وەچـە تیۆرییەکانی(پرۆژەسـازدان,پارامێتەر) چـاودێری بکـرێن بـۆ بەرهـەمهێنانی دروسـتەیەکی بێکەموکورت. ئەمەش پرەنسیپی کـاری تیـۆری(bar X) ە، کـە بەرهـەمهێنانی دروسـتەی بێکەوموکورتییە لە زماندا. لە ڕاستییدا بنەمای پرۆژەسازدانەکە بـۆ زمـانی مـرۆڤ ئاکارێکی سینتاکسـیی هەیەو بەپێی دروسـتەو پـارامێتەرە سینتاکسـییەکان جێبەجێـدەبن، بەڵام لەبەرئەوەی ئاخێوەرانی زمانی کوردیی لە نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکاندا پەیوەسەست بە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسیش سیستەمێکی دووپەلکیی جێبەجێدەکەن، بەواتا بەهۆی زانیاریی سینتاکسیی نـاو توخمـە فەرهەنگییەکانـەوە فرێـزە سینتاکسـییەکان بەرهەمدێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفیمەبەندەکان ڕێگا بۆ هەبـوونی فرێـزی مۆرفۆسینیاکسـیی خۆشـدەکەن، بەوەش پرژەسـازدانەکە بنەمـایەکی سینتاکسـیی و مۆرفۆسینتاکسـیی بەرجەستە دەکات، لێرەوە پێشبینیی هەبوونی دوو مۆدێل بۆ پرۆژەسـازدان و نوانـدنی سینتاکسـیی و مۆرفۆسینتاکسـیی دەکرێت. لەو ڕووەوە بڕوانە هێڵکاریی(2)




هێڵکارییەکە بۆ دیاریکردنی توخمە پرۆژەسازدەری سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسـییەکان پەیوەسـت بـەزمانی کوردییـەوە پابەندماندەکات.

## 2-1: فرێزە سینتاکسییەکان:

فرێزە سینتاکسییەکان بەرهەمی ڕێساکانی پرۆژەسازدانن و وەک پرۆژەیەکی ناوەندیی بە پێی تیۆریی و وەچەتیۆرییەکانی (X-Bar) بۆ دارشتنی سینتاکسییانەی ئەو پرۆژە سینتاکسییانە کاردەکەن، بە جۆرێک ~~تیۆ~~رییەکە مەزن~~ندەی ئەوە~~ دەکات، کە هەر فرێزێکی سینتاکسـیی بەرهەمی تـوخمێکی فەرهەنگیـیە، بەڵام هەر لە چێـوەی تیـۆرییەکەدا سـەرەڕای هەبـوونی سـەری وشەیی/مۆرفیمی سەربەخۆ، مۆرفیمە بەندەکانیشی بە توخمی پرۆژەسـازدەری سینتاکسـیی هەژمـارکردووە، بە چەشـنێک مۆرفیمە سـەربەخۆکان بـۆ بەرهـەمهێنانی فرێزی فەرهەنگیین، بەڵام مۆرفیمە بەندەکان فرێزی ئەرکیی بەرهەم دێنن[*].

### 1-2-1/ فرێزە فەرهەنگییە سینتاکسییەکان:

فەرهەنگ, وەك گـروپێکی تـەواوی کەرەسـتەی زمـانیی و پێکهاتـەو واتـاو ئەرکیان شیکراوەتەوە.( 226 : 2012 ,Anne) کەواتە فەرهەنگ سەرچاوەی هەموو زانیارییە زمانییەکانە، یەکێك لەو زانیارییـە فەرهەنگییانـە پەیوەسـت بـە ڕێزمـان و دروسـتە سینتاکسـیی، زانیـاریی پۆلەرەگـەزو دەستنیشـانکردنی جـۆری فرێزەکانن، کە لە فەرهەنگدا لەگەڵ کەرەستەکاندا زانیارییەکان تۆمارکراون. تیـۆریی (X bar)یش وەك تیـۆرێکی فەرهـەنگیی بانگەشـەی ئەوە دەکات کە فرێز لە هـەموو زمانەکانی دنیادا هــەمان یاسـاو ڕێسـاو کەرەسـتەی هەیـە. بـەواتا بنـەمای پرۆژەسـازدانی هـەموو چەشـنەکانی فرێـز لەهـەموو زمانەکانـدا هەمان شتن.(فرێزە فەرهەنگییەکان لە چێوەی ( VP, NP/DP ,AP,PP) دا دەنوێنرێن.( 4: 1994 ,Hasplmath)و بڕوانە نموونەو تایبەتییەکانی فرێزە فەرهەنگییەکان لە (دواتر)دا.

**ا. NP/N⁻ :** ئەم جـۆرە فرێـزە پـرۆژەی ناوەکـانە/$N^0$، چـونکە سەری فرێزەکە ناوێکی تایبەتیی کەس یان شوێن و جێگەیە یان جێنـاوێکی سـەربەخۆیە، لەگەڵ نـاوێکی گشـتییدا، کە ئاسـتی نوانـدنی (Y)ی هەیە فرێـزی خسـتنەپاڵی نـاویی بەرهەمـدێنن، بـڕوانە: دەسـتی نەوزاد، چـاوی ئەو، بـاوکی مـن، ....،بـڕوانە (عەبـدلجەبار, 2005: 43-44 ) بەپـێی ئەو تێڕاونیـنە بێـت، دروستەی فرێزی ناویی بە سەرو تەواوکەرێک/ X + Y ێک تێر دەبێـت، ناوەگشـتییەکە (Y)و نـاوە تـایبەتیی و جێنـاوەکە (X)، کەواتە هەریەک لەوانە بەتەنها نابنە فرێـزێکی نـاویی مەگەر بە مەرجیی فۆنۆلۆژیی و ئەرک/دۆخپێدان. ئەویش بە جۆرێک:

(ا) تـاکە نـاوی گشـتیی پرۆژەسـازدەر نیـیە، بـۆیە هەمیشـە لە فرێزەکانـدا دەبێـت تەواوکەر/(Y) مەگەر بەمەرجی فۆنۆلـۆژیی/ هێزلەسەردانەن و دۆخپێدان بکرێتە فرێز، بڕوانە:

- کوڕ نان دەخوات. {کوڕ} فۆنۆلۆژییانە بە هێز(Stress)و دۆخپێدان کراوەتە فرێز، پێدانی دۆخی بکەریی و بەرکاریی بۆتە سیمای بەفرێزبوون.

(ب) ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ، جگە لە پێدانی دۆخ، لەبەرئەوەی ناسراون، بۆیە تایبەتمەندیی بەفرێزبوونیان تێدایە، لە ڕوانگەیەکی ترەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت: ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ وەچەی فرێزە دیارخەرییەکان بن:

کوڕەکە نەوزاد ئەو، بەو پێیەش بێت، تێڕوانینەکان دەچنەوە سەر ئەوەی جێناوەسەربەخۆ و ناوە تایبەتییەکان بە هۆی نیشانەی [+ناسراو]ییەوە فرێزی دیارخەرین. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (سازان ،2019)

**ب) DP/D⁻:** فرێـــــزی دیـــــارخەریی پـــــرۆژەی دیارخەرەکـانە(Determiners) هۆکـاری ئەوەی وادەکەن، فرێزی دیارخەریی بە فەرهەنگیی و ئەرکیی هەژماربکرێن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دیارخەرەکان لە فەرهەنگی کوردییدا فـۆڕمی سەربەخۆ و بەندیشیان هەیە، بەوەش سەربەخۆکان کە (ڕادەو ژمارەو وشـەی نیشـانە) دەگـرێتەوە بـۆ بەرهەمهێنـانی فرێـزی


دیارخەری فەرهەنگیین، بڕوانە: هەموو کوڕەکان، دوو کچ، ئەو کچانە،... و دیارخەرە بەندەکانیش(کە مۆرفێمی ناسراوی و نەناسراوی دەگرێتەوە) بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی ئەرکیین، بڕوانە: کوڕەکە، کچێک، ..... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (ژینۆ,2023: 66)

پ) AP/A⁻: فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوی پرۆژەی ئاوەڵناوەکانە. پەیوەست بە زانیاریی دروستەییەکانییەوە، ئاوەڵناوەکە بە سیستەمی دووپەلکیی بە تەواوکەرێکی سینتاکسیی لە چەشنی (DP) فرێزەکە بەرهەمدەهێنێت. بڕوانە یاسای: {AP=A + DP } و نموونەکانی: کچی زیرەک، کوری وریا، گوڵی سوور

ت) **PP/P⁻:** فرێزی پێشناویی سینتاکسیی بەرهەمی پێشناوە سینتاکسییەکانن، کە ئەوانیش بریتین لە (بە، لە، بۆ، ...)، بڕوانە: لە شار، بە تۆ، بۆ بازاڕ، ...

ج) **VP/ V⁻** : فرێزەکە پرۆژەی کرداری فەرهەنگییەو لەلایەن سەرێکی فەرهەنگییەوە بەڕێوەدەبرێت. (Dalarna 2006:5)، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە کردارێکی بێ تاف دەبێتە پرۆژەسازدەرەکەو پرۆژەی فرێزی کرداریی بەرهەمدەهێنێت. (عەبدلجەبار,2020: 58) ڕەگ, وەك ($V^0$) لە فەرهەنگی ئاوەزییدا بە کۆمەڵێك نیشانەوە گەنجکراوە و ئاخێوەرانی زمان لە بەکارهێنانیان لە دروستەی ڕووکەشدا زانیارییەکان لە چێوەی فرێزی فەرهەنگییدا دەنوێنێت. لە فەرهەنگدا ڕەگی کردار و مۆرفێمی تاف لەیەکجیاکراونەتەوە، هەریەکەیان پرۆژەی فرێزی سەربەخۆ بەرهەمدەهێنن(VP-TP) بەو واتایەی ،کە تاف بەشێکی تواوەی ناو ڕەگ نییە. کەواتە ڕەگ بناغەی فرێزی کردارییەو وەك سەرێکی پرۆژەسازدەر لە سینتاکسدا پرۆژەی فرێزی کرداریی بەرهەمدەهێنێت. نیشانەکانی ڕەگ پەیوەست بە پرۆژەی سینتاکسی (+دەسەڵات+پرۆژەسازدەر+دۆخدەر +هەڵاویرکردن) لە فەرهەنگدا گەنجکراوە. ڕەگ وەك تاکە مۆرفێمێکە، کە واتای کرۆکیی وشەکە/فرێزەکەی هەڵگرتووە و هیچ مۆرفێمێکی گەردانیی /ئەرکیی(کات و کەسی)لەگەڵدا نییە. (حاتەم، 2006: 54) ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، کە ڕەگ دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی لەناو پرۆژەی فرێزەکەدا هەیە، لەهەڵاویرکردنەکەیدا تەواوکەرێك بەپێی نیشانەکانی خۆی هەڵاویر دەکات و دۆخی ئەکوزەتیفی پێدەدات.

بەو پێیەش سەری فەرهەنگیی بۆ بەرهەمهێنانی فرێزە فەرهەنگییەکان پۆلەڕەگەزەکانی (N/D, A, P, V)ن، هەریەک لەوانە فرێزی سەربەخۆی سینتاکسیی بەرهەمدێنن و ئاستی نواندنی هەریەکەیان پێش فرێزە ئەرکییەکانە(بڕوانە پاری دواتر)، بەوەش فرێزە فەرهەنگییەکان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی فرێز و سەرە ئەرکییەکانەوە. فرێزە فەرهەنگییەکان بە پێی ویستە فەرهەنگیی سەرەکانیان دروستەی دوو پەلکیی بێکەمووکوڕن، چونکە لە نواندنە سینتاکسییەکانیاندا بە تەواوکەرەکانیانەوە دەبنە فرێز، بەوەش پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان لە ئاستی سینتاکسدا زانیاریی دروستەییەکانی ناویان بەرجەستەدەکەن و پێڕەوە دووپەلکییەکە جێبەجێدەکەن بڕوانە هێڵکاریی (3)و جێکەوتەی فرێزە فەرهەنگییەکان لە نواندنی (1)دا (سازان ،2019).




هێڵکارییەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە فرێزە فەرهەنگییەکان لە هەناوی زانیاریی سینتاکسییەوە دێنە دەرەوەو توخم و سەرەفەرهەنگییەکان بەرهەمیان دێنن، ئەوەش وایکردووە، کە بە فرێزی سینتاکسیی ناوببرێن. ئەو فرێزانە جگە لە زانیاریی سینتاکسیی، ناوەرۆکی واتایی خۆشیان هەیە، وەک دواتر لە پرۆژەسازدانی سینتاکسییدا دەردەکەوێت.

## 1-3: فرێزە ئەرکییە سینتاکسییەکان:

فرێزە ئەرکییەکان هەموو ئەو توخمە فەرهەنگیانە دەگرێتەوە، کە وەك ($X^0$) یێك لەفەرهەنگدا گەنجکراون و پرۆژەی فرێزی ئەرکیی لە سینتاکسدا بەرهەمدەهێنن. سەرە ئەرکییەکان مۆرفێمە بەندەکانی لە چەشنی تاف (Tense) و ڕێککەوتن (Agreement) و پۆلێکی دیارخەرەکان (Determiner) دەگرێتەوە. بەسەربوونی مۆرفێمە بەندەکان و هەبوونی دەسەڵاتی پرۆژەسازدانیان باڵادەستی ئەو مۆرفێمانە دەردەخات، ئەویش لەبەرئەوە هەموو ئەو توخمانەی کە پرۆژەی فرێزی ئەرکیی بەرهەمدەهێنن مۆرفێمە بەندەکانن و لەناو پرۆژەکەدا فرێزە فەرهەنگییەکان دەبن بە تەواوکەری پرۆژەکە، بەوەش وەک پێشتر ئاماژەی پێدراو بە هێڵکارییەکە نوێنرا، فرێزە ئەرکییەکەن لە ڕووی سینتاکسییەوە حوکمی فرێزە فەرهەنگییەکان دەکەن. ئەوەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە ناوەرۆک و کرۆکی سیمانتیکی فرێزە فەرهەنگییەکان بەڕێوەی دەبەن، بەڵام ئەرکییەکان بۆ (ا)ڕێگادانی سینتاکسیی فەرهەنگییەکانە، (ب) بردنە ئاستێکی تری سینتاکسەوە، کە ئەوانیش لە دوو ئاستی پرۆژەسازدانی فرێزە ئەرکییەکان و ئاستی پرۆژەسازدانی فراوانکراودا دەبینەوە. گەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە لە کردارەوە دەستپێبکرێت، ئەوا لە قۆناغەکانی فرێزی

فەرهەنگییەوە بۆ هەردوو ئاستەکەی پرۆژەسازدان دەڕۆین، بڕوانە (نموونەکانی ژمارە1)، کە تێیدا پرۆژەکە لەسەر کرداری فەرهەنگیی، ($V^0$) /بین/ جێبەجێدەکرێت، ئەویش بەو پێیەی لێکـۆڵینەوەکە ڕەگی کـرداری وەک فەرهەنگیی پەسـنکردووە. پەیوەسـت بە بەسـەربوونی ڕەگی کـردار لە فرێـزی کردارییـدا بڕوانە (عەبدولجەبار 2005و سازان ،2019)

## 4-1پرۆژەسازدانی فراوانکراو: Extendrd Projection Prenciple

زاراوەکـە گریمانەیـەکی زمانەوانییـەو لـە سـاڵی1981 لەلایـەن چۆمسـکییەوە پێشـنیازکراوەو لـە سـاڵی1982 زاراوەی پرۆژەسازدانی فراوانکـراوی چەسـپاند، کـە ئامـاژە بـە پێویسـتی دروستەکە بۆ بـوونی بکـەر دەکات (H.Lasnik,2003,1-3) ڕێسای پرۆژەسازدان ئەوە دەچەسپێنێت، کە هەموو ڕستەیەك پێویستی بە بکەرێك هەیە.( Leonard,2002:343) بەوەش پرۆژەسازدانی فراونکراو بەرزکردنەوەو فراوانکردنی تیۆری ( X bar)و بنەمای پرۆژەسازدانە، تا ڕستەش بگرێتەوە، چونکە تا هەنگـاوی بەرهەمهێنـانی (TP)ش کـرداری تافـدارمان دەستدەکەوێت، بۆیە بە فراونکردنەکە دروستەکە دێتە ناو دروستە باڵاکەوە، کە ئەویش ڕستەیە.

بنـەمای پرۆژەسـازدان وەك لـە پێشـتردا ڕوونکرایـەوە لـە چوارچێـوەی فرێزدایـە, بـە واتـا سـنوری پەیوەنـدیی سـەرو تەواوکەر بـۆ بەرهەمهێنانی پـرۆژەی فرێـز دەخاتـە ڕوو. بەپێی بنـەمای ڕێسـای هـەبوونی سـەرو ڕێسـای دووپـەلکیی لـە چوارچێـوەی فرێزەکـەدا, ڕەگ($V^0$) سـەرێکی پرۆژەسـازدەرەو لەهەڵاوێرکردنیـدا تەواوکـەرێك بـۆ جێکەوتـەی بـەرکار هـەڵاوێردەکات, واتـە تەواوکەرەکـە بـەهۆی سـەرێکەوە لـەچوارچێوەی فرێـزی کرداریـدا لـە پێکهاتـەی سینتاکسـدا دەنوێنرێت. ئەمەش ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە، کە ڕەگ زانیاریی پەیوەسـت بـە دروسـتەو پۆلەڕەگەزو واتـای تیادا هـەڵگیراوە، بـەڵام زانیـاریی دەربـارەی بکـەری ڕسـتە ناخاتـە ڕوو, واتـە لـە هەڵاوێرکردنی فەرهەنگییدا تەنها تەواوکەرێك هەڵاوێردەکات, پاشـان فرێـزی تـاف جڵـەوی دروسـتەی فرێزەکـە دەکـات و تەواوکەرێك کە (VP)یە وەك پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسیی هـەڵاوێردەکات و پـرۆژەی فرێـزی تـاف بەرهەمـدەهێنێت، لەبەرئـەوەی تـاف ناتوانێـت ببێـت بـە پـرۆژەی ڕسـتەیەکی بێکەموکورت لـە زمانـدا, هەربۆیـە لـە دروسـتەی ئارگومێنتـدا تەواوکەرێکی دەرەکیی بۆ جێکەوتەی بکەر هەڵاوێردەکات, بە واتـا سـەرو تەواوکـەر پێکـەوە وەك پریـدیکاتێك ($V^-$) بـەپێی تایبەتمەندیی خۆی تەواوکەرێك بۆ جێکەوتەی بکەر هەڵاوێر دەکەن و لـە هـەنگاوی پـێش ڕسـتەییدا مـۆرفێمێکی ڕێککەوتن بـەپێی کـەس و ژمـارەی بکەرەکـە لـە کۆتـایی فرێزە کردارییەکە جێگیر دەکات، کـە بەهۆیـەوە دۆخ بـۆ شـوێنی(spec)بکـەری ڕستەکە دەگوێزێتەوە. هەڵاوێرکردنی فرێزێکی ناوی/دیارخـەری بـۆ جێکەوتـەی بکـەر بـەهۆی تیۆرەکـانی (وەچـە تیـۆری پۆلەڕەگـەزدیاریکردن, تەواوکـەری نـاوەکی و دەرەکـیی کـە مەبەسـت لـە بکـەری ڕسـتەیـە وەك تەواوکـەرێکی دەرەکـیی لەلایەن پریدیکاتەوە هەڵاوێردەکرێت, تیۆری دۆخ بەپێی تیۆری دۆخ پێویسـتە دۆخی نۆمینـەتیڤ کـە لـەناو فرێـزی تافدایـە و لەڕێگەی مۆرفێمێکی ڕێککەوتنەوە بەهۆی بوونی فرێزێکی ناوی / دیارخـەری بـەتاڵ بکرێتـەوە. هەنگاوەکـان لەسـەر کـرداری /هێن/ جێبەجێدەکرێن:

2-/هێن/

هێن[تۆ]


[تۆ هێنا ] [ئارێز]]

لـە نموونـەی(2) زانیارییـە تیـا هـەڵگیراوەکانی نـاو فەرهـەنگ پەیوەسـت بـە ڕەگی/هـێن/هـوە ئەوە دەستەبەردەکات، کـە بـۆ سـازدانی پـرۆژەی فرێـزی کـرداریی, ڕەگ وەك سـەری پرۆژەسازدەری پرۆژەکە لە ناواخنیدا تەواوکەرێکی ناوەکیی لە چەشنی (NP/DP) هەڵاوێر دەکات و پرۆژەی فرێزی کرداریی سازدەکات {تۆ} هێنا, دۆخی ئەکوزەتیڤی تیادا بەتاڵ دەکاتەوە. لـە هـەنگاوی دواتـردا پریـدیکاتی {تـۆ هێنـا} تەواوکـەرێك بـە نیشـانەی(+مرۆڤ) بـۆ جێکەوتـەی بکـەر هـەڵاوێر دەکات و دۆخی نۆمینـەتیڤی تیـادا بـەتاڵ دەکاتـەوە, ئەمـەش ئـەوە دەردەبڕێـت، کـە لـە قۆنـاغی یەکەمـدا ڕەگ ($V^0$)هـەڵاوێری تەواوکـەر دەکـات, مۆرفێمـەکانی تـاف وەك دەوروبـەری مۆرفۆلۆژیی کردار وەك سەری پرۆژەسازدەری ئەرکیی لە پاش پرۆژە فەرهەنگییەکانەوە بەرهەمدێن, لەبەرئەوە مۆفێمەکانی تاف لە فەرهەنگدا نیشانە نەکراون لە سینتاکسدا لەقۆناغی پـاش پـرۆژە فەرهەنگییەکانـەوە دێنـەبوون. لـە سینتاکسـدا پـرۆژەی فرێـزی ئـەرکیی TP سـاز دەکـات و لـە پۆلەڕەگـەز دیاریکردنیـدا فرێـزێکی کـرداریی هـەڵاوێر دەکـات (بەوپێیـەی پرۆژەسـازدان پێـواژۆی یـەکگرتنی زنجـیرە دوو پەلکییەکانـە. (سـازان,2019: 34) قۆنـاغی فراوانکـردنی پـرۆژە سینتاکسییەکەی لە پێویستی فرێزی تاف بۆ بوونی بکەرێك دەستپێدەکات. کەواتە پرۆژەسازدانی فراوانکراو بە زیادکردنی فرێـزی ڕێککەوتنـەوە بەسـتراوەتەوە.(داواکاری تـاف بـۆ بـوونی بکـەر, بنەمایەکـە لـە ڕێزمـانی گشـتیی UGدا, کـە بـە ڕێسـای پرۆژەسـازدانی فراوانکـراو ناسراوە.(هـەمان سـەرچاوە: 45 )لەبەرئـەوە $T^0$ وەك سـەری دۆخ بەخشـێنەر لـە فەرهەنگـدا هەڵنـەگیراوە, بـەڵکو ($TP/T^-$) توانـای هـەڵاوێرکردنی بکـەری هەیەو بەهۆی مۆرفێمێکی ڕێککەوتنەوە دۆخی بۆ دەگوێزێتەوە, هەربۆیـە مـۆرفێمێکی ڕێککـەوتن لـە کۆتـایی فرێـزی تـاف زیاد دەکرێت و وەك سەری پرۆژەسازدەری ئەرکیی فرێزی تاف وەك


تەواوکەر هەڵاوێر دەکات. ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، کە پرۆژە سازدانی فراوانکراو زیادکردنی کەسە بۆ دروستەکە. بەهۆی پرۆژەسازدانی فراوانکراوە لێکدانەوەی دروستەی قووڵ دەستدەخرێت. واتە بەهۆی نواندنی سینتاکسیی زانیارییەکانی دروستەی قووڵمان بۆ ڕووندەبێتەوە.

پاش ئەوەی بەپێی بنەماکانی پرۆژەسازدان دروستەی فرێزەکان خرانەڕوو تیایدا سەرو تەواوکەر(X,Y)و توخمی زاڵ لەو پرۆژانەدا خرانە ڕوو، گریمانەکانیش بەو شێوەیە بوون ، کە توخمی فەرهەنگی بۆبەرهەمهێنانی فرێزەکان دەهێنرێنە نێو پێکهاتەی سینتاکسەوە بەوەش سیماو تایبەتمەندیی و کەرەستە و سەگمێنتەکانی سینتاکسیی لەلایەن توخمی تایبەت بە خۆیانەوە بەرهەمدەهێنرێن، سەرەڕای ئەوەی کە توخمی سینتاکسیی لە فەرهەنگدا بە زانیاریە دروستەییەکانەوە هەڵگیراون، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە توخمی فرێزە فەرهەنگییەکان هەمیشە توخمی سەربەخۆ نابن، بەڵکو مۆرفێمە بەندەکان توخمێکی پرۆژەسازدەری فرێزین. بەوەش ئەوە دەردەکەوێت، کە فرێزە سینتاکسییەکان دوو باکگراوەندی وشەیی و مۆرفێمیشیان هەیە، بەوەش جڵەوەکە بەرەو سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییش دەبات، چونکە وەك ئاشکرایە مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەکان توخمی مۆرفۆلۆژین و جڵەوی مۆرفۆلۆژیانەیانە هەیە.(بڕوانە: محەمەد،2011: 44-45، هێمن ، 2015: 21 )، بۆیە دەبێت ئاراستەکان بەرەو ئەوە ببرێن، کە توخمەکانی پرۆژەسازدەر لە سینتاکسەوە هەتا مۆرفۆلۆژیی دیاریی بکرێت. ئەویش بۆ دیاریکردنی نیشانەکراویی و نیشانە نەکراویی ئەو توخمانە. چونکە وەك لەسەرەتاوە بانگەشەی بۆکرا توخمەکان و یاساو ڕێساکانیان بۆ ناسینەوەو بەپێکهاتەبوونی ئاستەکانی ڕێزمان ببونە مەرج.

زۆربەی سەرچاوەکان بۆ دابەشکردنەکانی مۆرفێم بە(سەربەخۆو بەند)هەوە دروستە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەکان دەکەنە بنەما. ئەوە جگە لەوەی ئەو توخمانە بە بەڕێزمانی بوون و سینتاکسیی بوونەوە دەبەستنەوە، بەڵام ئاستی نواندن و ڕکێفی ئەو توخمانە پەیوەست بە پرۆژەسازدانەوە یەکلایی کراونەتەوە. چونکە سەرەڕای ئەوەی وشەفەرهەنگییەکان کە (V,N,A,P)دەگرنەوە، مۆرفێمەکانیش لە ڕووی سازدانی پرۆژەوە، بەسەر ($X^0$)و ($X^{-1}$)دا دابەش دەبن، ($X^{-1}$)ەکان بۆ ناو پرۆسەی هەڵگواستنی وشە نیشانەکراون، بەڵام ($X^0$)ەکان دەبنە سەری پرۆژەسازدەری فرێزیی، بەوەش دابەشکردنی مۆرفێمەکان لەم توێژینەوەیەدا بە پێی هێڵکاریی (4) دادەڕێژرێتەوە. پەیوەست بە جیبەجێکردنی بنەمای پرۆژەسازدان و فراونکردنەکەی بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی کوردیی و جێبەجێکردنی پارامێتەرەکەی بڕوانە (2) هێڵکاریی ژمارە(4) و لەگەڵ هێڵکاریی ژمارە(12)دا بەراوردی بکە




(٢) $[V^0 + DP]] {}^{VP} + [T^0] {}^{TP}[ + DP$ (بنەما) ⟵ $[[AGR^0 + TP] + DP]$ (پارامێتەر)




## 2- فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەکان:

پاش ئەوەی فرێزە سینتاکسییەکان بەهەردوو فرێزی فەرهەنگیی و فرێزی ئەرکییەکانەوە خرانەڕوو، دەبێت لێرەوە دروستەی ئەو ئاستە نواندنە ناوەندییە بۆ مۆدێلی مۆرفۆسینتاکس تاقیبکرێتەوە، ئەویش بەوپێیەی مۆرفۆسینتاکس وەك مۆدێلێك خاوەنی سەگمێنت و توخمی تایبەت بەخۆی بێت. لەمەشەوە دەبێت هەنگاوەکانی پەیوەست بە پرۆژەسازدان و پرۆژەسازدانی فراوانکراو بۆ ئەم مۆدێلە ڕێزمانییە جێبەجێبکرێت. بەوەش دوو پرسیارو گریمانە سەرهەڵدەدەن:

1-ئایا مۆرفۆسینتاکس هاوشێوەی دروستەکانی دیکەی وەك مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس لە فەرهەنگەوە بە توخمی تایبەت بەخۆیەوە سازدەدرێن و پرۆژەسازدانی تایبەت بەخۆی هەیە؟

2- یان پرۆژەکە لەئاستی پرۆژەسازدانی فراوانکراوەوە دەستپێدەکات و بەرهەمدێت؟

بۆیە پەیوەست بەو دوو گریمانەیەوە هەنگاوەکانی پارو وەچەپارەکانی داهاتوو دەستپێدەکرێن، بەجۆرێك گریمانەی ئەوە تاقیدەکرێتەوە، کە ئایا دروستەی فرێز بەهەردوو جۆرەکانی فرێزی فەرهەنگیی و ئەرکییەوە. لەپێکهاتەکەدا بوونی هەیە، بەوەش پرسیاری ئەوە خۆی دەهێنێتە پێشەوە، کە کام (X,Y) یانە لەم مۆدێل و نواندنەدا ئامادە دەبن، ئەویش بەوپێیەی توخمە سینتاکسییەکان لە فەرهەنگەوە دێن و زانیارییەکانیان پەیوەست بە دروستەوە لە فرێزەکانەوە دەستپێدەکەن، بۆیە پێشبینییەکان بەوجۆرە بوون و بەوجۆرەش کەوتنەوە، کە (X) لە پرۆژەی فرێزە

سینتاکسییەکاندا بینە (X,Y) لەو ڕوانگەیەوە دروستەی مۆرفۆسینتاکسی تاقیدەکرێنەوە. ئەویش بە ڕەگەزو توخم و پۆلەڕەگەزدیاریکردن ئەو توخمانەوە دەستپێدەکات، بۆیە دیاریکردنی توخمی مۆرفۆسینتاکس و پۆلەڕەگەزدیاریکردنی دروستەی ئارگومێنتەکانی هەنگاوی یەکەم دەبێت. کەواتە بەوپێیە بێت گریمانەی یەکەم تاقیدەکرێتەوە، کە ئایا تێکردەی دروستەی مۆرفۆسینتاکس فرێزیی دەبێت، یان توخمێکی فەرهەنگیی؟

بۆ ئەوەش دەبێت بەو پێناسانەدا بچینەوە، کە پێی وایە مۆرفۆسینتاکس نواندنی سینتاکسە بە مۆرفیم، چونکە بەسەربەخۆ دانانی مۆدێلی مۆرفۆسینتاکسی دەبێت ئارگومێنتی تایبەت بەخۆی هەبێت، نەك بەتەنها مۆرفیمێك بێت و هیچی تر. لە پارەکانی پێشودا مۆرفیمەکان وەك سەری ئەرکیی دەسەڵاتدار ناسێنران، ئەوەش دەروازە بۆ ئەوە دەکاتەوە، کە مۆرفیمەکان توخمی دەسەڵاتدار بن، نەك تەنها نواندێکی سەرپێیان هەبێت و بۆ دروستکردنی فۆرم و واتایەکی ڕێزمانی/گەردانکردن بن.

بنەمای پرۆژەسازدانی فراوانکراوی سەری فەرهەنگیی لەسەر بنەمای هەبوونی کەتیگۆرییە ئەرکییەکان شیدەکرێنەوە ئەمەش لەلایەن توخمە مۆرفۆسینتاکسییەکانەوە زەمینەی بۆ فەراهەمدەکرێت.( Gisa, 2010: 120) بیرۆکەی فرێزی مۆرفۆسینتاکسی هەمموو ئەو توخمانەن، کە فۆرمی مۆرفیمی بەندن و دەبنە سەری پرۆژەسازدەری فرێزو دەسەڵاتی دروستەییان لەناو پرۆژەکەدا دەبێت. بەواتا هەمموو ئەو توخمانەی، کە لەلایەن مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی/ئەرکیی، جڵەوی دروستەکە دەگرێت بە فرێزی مۆرفۆسینتاکسی ناو دەبرێن. ئەمەش بەخشکەیی باڵادەستی مۆرفیمە بەندەکان دەردەخات. هەمموو ئەو مۆرفیمانەی، کە وەك مۆرفیمی شکاندنەوە ئاماژەیان بۆ کراوە توانای بەرهەمهێنانی وشەی سەربەخۆیان پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە هەیە بەپێچەوانەی هەڵگوێزەرەکان، کە دەبنە بەشێك لە هەمان قەدی وشەی سەرەکی، ئەوەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەم مۆرفێمانە وەك فرێزی سەربەخۆی فۆنۆلۆژیی هەڵسوکەوت دەکەن. بڕوانە:(Arsalan,2009, 346) فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەکان_ئەرکییەکان پێکهاتوون لە" فرێزی تاف, فرێزی ڕێککەوتن, فرێزی دیارخەریی, تر-ترین، سەری پرۆژەسازدەری ئەم پرۆژانە مۆرفیمی بەندن و پرۆژەی فریزی مۆرفۆسینتاکسی بەرهەمدەهێنن، ئەمەش ئەوە دەردەبرێت، کە کەرەستەی بەدەسەڵاتی ئەم فرێزانە لە پۆلی مۆرفیمن و دەسەڵاتی دروستەیی و واتاییان بەسەرپرۆژەکەدا دەسەپێنن. دیاریکەر و مۆرفیمە بەندەکان خاوەن ئەرك و واتای سیمانتیکیین و هاوشێوەی ئەو($X^0$) کە لە فۆرمی وشەدان. (Martine,2003: 3) لەچێوەی دروستەی سینتاکسییدا وەك($X^0$) دەردەکەون و هەمان دەسەڵاتی دروستەیی و سیمانتیکی ئەو ($X^0$) هەیە کە وشەن. بە واتا هەر توخمێکی مۆرفۆسینتاکسی، کە ئەرکێکی سینتاکسی جێبەجێ دەکات دەبێتە سەرێکی ئەرکیی.(حاتەم ،2006: 81)

3- ئ: بردمانن.
ب: دەستی من.
پ: کوڕەکە.
ت: خواردمن.
ج: جوانتر لە تۆ.


لە(3ئ،ب،پ،ت،ج) ئەوە ڕوونبووەتەوە، کە هەمموو ئەو توخمانەی دەسەڵاتی دروستەیی و سیمانتیکی دروستەکەیان گرتووە ئەو توخمانەن، کە لەفۆرمی بەندا نواندنی ($X^0$) هەیە/واتا توخمی دەسەڵاتدارن. ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە زانیاریی مۆرفۆسینتاکسی لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندەوە دەنوێنرێت و زانیارییەکان پەیوەست بە (کەس,ژمارە, توخم, دۆخ,تاف) دەنوێنن.( Arnoff and Kirsten,2011:159) کەواتە سەری پرۆژەسازدەری ئەم توخمانە مۆرفیمی بەندن و پرۆژەی فرێزی (جێناوی, خستنەپاڵی, دیارخەریی, تاف, ئاوەڵناویی) سازدەدەن.

## 1-2/ بنەمای پرۆژەسازدان لە مۆرفۆسینتاکسدا:

دانانی گریمانەی سەربەخۆیی پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکس مۆتیڤی پرۆژەسازدانی ئەم پرۆژەیە، لەبەرئەوە وەك لە(1-1) ڕوونکرایەوە بەپێی بنەمای پرۆژەسازدان هەمموو دروستە ناوەندییەکان لە فەرهەنگەوە پرۆژەدەکرێن, بەواتا هەر توخمێکی زمانی لە فەرهەنگەوە بۆ پێکهاتەیەکی زمانی دەستنیشاندەکرێت و دروستەیەکی زمانی لەناو پێکهاتەیەکی زمان بەرهەمدەهێنێت لە هەمان دەوروبەردا ناتوانێت نوێنەرایەتی ئاستێکی دیکە بکات. (Bolcsesz,2004) پێشتر ئەوە ڕوونکرایەوە، کە مۆرفۆسینتاکس توخمەکانی لە فەرهەنگدا بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی نیشانەکراون، چونکە لەو دروستەیەدا ئەو مۆرفێمە بەندانە ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانیدا هەیە، کە ($X^0$)ی بەندن. بەواتا هەبوونی توخمی فەرهەنگیی پرۆژەسازدانی دروستەیەك لەناو پێکهاتەیەکی زماندا(سینتاکس-مۆرفۆسینتاکس) دەستەبەر دەکات. بڕوانە(4)

4- گر
گر+[Dp] گر+] [ئەوان]
ئەوان گر+T
ئەوان گرت+[Dp]
ئەوان گرت]+ [من]
من ئەوان گرتم.

من ئەوانم گرت.
زانیارییەکانی ناو توخمەکان لە سینتاکسدا روونن و دەتوانرێت نیشانە بکرێن. بەمشێوەیە ئەوان نیشانەکانی{ +کەس± نێر+سێیەم} لەسەر ئەو بنەمایەی کە مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن تایبەتمەندیی کەس و ژمارەو کۆی زانیارییەکانی ناو فرێزە سینتاکسییەکانیان تێدا هەڵگیراوە، بۆیە پێشنیازکراوە، کە وەك پڕۆژەی فرێزی ئەرکیی لەژێر ناوی فرێزی کلیتیك( clitic phrase) بۆ ئەم مۆرفێمانە لەبەرچاو بگیرێت، سەری پڕۆژەکە بەمۆرفێمێکی ڕێککەوتن پڕ دەکرێتەوەو تەواوکەری ئەم فرێزە فرێزێکی ناویی و کەتەگۆرییەکی (pro) دەبێت.(مفیدی،روح اللە،1386: 139) بڕوانە هێڵکاریی(5)




پڕۆژە بەرهەمهاتووەکە لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا دەبێت بەتەواوکەری دروستەی مۆرفۆسینتاکس و لەلایەن فرێزی تافەوە دۆخی ڕێزمانی نۆمینەتیف وەردەگرێت. لەدروستەیەکی وەك(بردمن)دا،/ن/وەك فرێزێکی دیارخەریی، ئەرکی تەواوی فرێزە کردارییەکەی کەوتۆتە ئەستۆ، ئەمەش پاڵپشتی ئەو بۆچوونەیە، کە فرێزەکانی مۆرفۆسینتاکسی لەقۆناغی بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکسدا دەبن بەتەواوکەری پڕۆژەکە.
پەیوەست بە پڕۆژەسازدان لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا زانیاریی ناو فرێزە دیارخەرییەکەی ڕستەی (5) لە فەرهەنگدا بۆ جێکەوتەکانیان نیشانە کراون، بەواتا لە فەرهەنگدا بە نیشانەی(±بکەر)گەنجکراون دەورووبەرو چەشنی کردار(ڕابردوو، ڕانەبردوو) مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن بۆ جێکەوتەکانیان نیشانەدەکات و زانیارییەکانی پەیوەست بە (ئەرك،کەس، ژمارە،توخم)بەهۆی تاکە مۆرفێمێکەوە، کە فرێزێکی بەندە دەنوێنرێت.
5- گرت+[Dp]
گرت+[ن]
گرتن
گرتن+[م]
گرتمن

1- بەپێی گریمانەی سەربەخۆیی پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکس وەك لەپێشتردا روونکراوەتەوە ڕەگی هەڵاوێری تەواوکەرێك بۆ جێکەوتەی بەرکار دەکات، بوونی فۆرمی بەندی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن وەك فرێزی دیارخەریی و ئارگومێنت داواکراوی کردار, بوونی فۆرمی سەربەخۆی فرێزی دیارخەریی و ئارگومێنت داواکراوی کردار لەهەمان دروستەدا بلۆکدەکات(**)پەیوەست بە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان پەیوەست بە سیمانتیك و هەڵاوێرکردنی تەواوکەرەکەی. هەنگاوەکانی پرۆژەسازدانی لە هێڵکاریی ژمارە(6)دەخرێتە ڕوو:




لەبەرئەوە مۆرفۆسینتاکس بەرهەمی سەرە ئەرکییەکانە، هەربۆیە هەنگاوەکانی پرۆژەسازدانی لە ڕەگی کردارەوە دەستپێدەکات, بەواتا ڕەگی کردار هەڵاوێری سیمانتیکیی و سینتاکسیی تەواوکەرەکەی لەفۆرمی بەندا(مۆرفێمی ڕێککەوتن)دەکات. کەواتە ڕەگ و قەدیش بە نیشانەی (+پڕۆژەی سینتاکسیی)و(+پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکسیی)ەوە لەفەرهەنگدا گەنجکراوە، چونکە لە هەریەك لە پڕۆژانەدا جڵەوی سیمانتیکیی دروستە سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسییەکانیش دەگرن. بۆنموونە لە(فرۆش/$V^0$)وەك سەرێکی فەرهەنگیی و دەسەڵاتدار جڵەوی دروستەکە دەگرێت و بەمەش لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییدا فرێزێکی سەربەخۆ (ناو/دیارخەر) و دۆخی ئەکوزەتیڤی پێدەدات. لە بەرامبەردا (فرۆش) وەك فرێزێکی فەرهەنگی و دەسەڵاتدار پڕۆژەی فرێز لەناو پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسیشدا بەرهەمدەهێنێت و لەهەڵاوێرکدنی تەواوکەرەکەیدا فرێزێکی بەند (جێناویی/مۆرفێمی ڕێککەوتن)هەڵاوێردەکات و دۆخی ئەکوزەتیڤی پێدەدات.

## 2-2: فرێزی فەرهەنگیی مۆرفۆسینتاکس:


وەك پێشر ـ روونکرایەوە فەرهەنگ چەق هەموو زانیارییە زمانییەکانە، بەمەش ئەو توخمە فەرهەنگییە بەشداری پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکس دەکەن، لە فەرهەنگدا بە زانیارییەکانیانەوە گەنجکراون لە پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسدا

له فۆرمی فرێزی فەرهەنگی(سەربەخۆ) و (بەند)دا دەنوێنرێن. هەمبەرکردنی فرێزەکانی ئەم دوو پێکهاتەیە ئەوە دەسەلمێنێت، کە توخمە فەرهەنگییە سەربەخۆکان لەسینتاکسدا چالاکن و فرێز بەرهەمدەهێنن، لەبەرامبەردا فرێزە بەندەکان دروستەی مۆرفۆسینتاکس بەرهەمدەهێنن.(بڕوانە: بەشی یەکەم و پاری دواتر) لەبەرئەوە وەك لە وەچە پارەکانی دواتردا ڕووندەکرێتەوە بەشێکی ئەو فرێزە فەرهەنگییانەی، کە بەشداری پێکهاتەی سینتاکس دەکەن، لەناو پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسدا لە فۆرمێکی بەنددا دەنوێنرێن، بۆیە هەر لەوێوە دەروازە بۆ فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەکان دەکرێتەوە.

سەگمێنت و پۆلەڕەگەزەکانی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی‌ـ پەیوەست بە فرێزە فەرهەنگییەکانەوە دەمانخاتە بەردەم ئەو دوو گریمانەیەی پێشنیازکرا، کە ئایا مۆرفۆسینتاکس بەرهەمی پرۆژەسازدانە یان بەرهەمی پرۆژەسازدانی فراوانکراو؟ جگە لەوەش توێژینەوەکە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە دەکەوێت، کە ئایا چەشنی فرێزی فەرهەنگیی پرۆژەکە بەرهەمدێنن، یان دروستەکە بەرهەمی سەرە ئەرکییەکانە؟

وەڵامەکان بە پێی ئاماژەدان بە فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەکان دەدرێنەوە:


**ا) $VP/V^0$ :** وەك پێشتر ڕوونکراوەتەوە توخمی پرۆژەسازدەری ئەم جۆرە فرێزە ڕەگە، کە وەك($V^0$)ێکی فەرهەنگی-وشەیلە(Sub Word)(پەیوەست بەو زاراوەیەوە بڕوانە محەمەد مەحوی ٢٠٠٤)، دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی بەسەر پرۆژەکەدا هەیە. پەیوەست بە دروستەی مۆرفۆسینتاکسییشەوە، ڕەگ هەڵاوێرکەری دروستەکەیەو لەناو پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسدا توخمی دەسەڵاتدارەو بە پێی ئەو زانیارییەی لە فەرهەنگدا تێیدا گەنجکراوە، بۆ بەرهەمهێنانی دروستەیەکی بێکەموکووڕی دەبێت تەواوکەرێك هەڵاوێر بکات. وەک دروستە سینتاکسییەکاندا خرایەڕوو، فرێزە سینتاکسییەکان ئەگەرچی لە فەرهەنگدا لە ئاستی نواندنی ($X^0$)دا هەڵگیراون، بەڵام لە سینتاکسدا بۆ بەرهەمهێنانی فرێز مۆدێلی (X + Y)جێبەجێ دەکەن، بەوەش سیستەم و نواندنی سسینتاکسی دووپەلکیی دەبن. بنەمای فەرهەنگیی ڕەگ و جێبەجێکردنی پارامێتەرەکەی لە زمانی کوردییدا بە یاساو مۆدێلی {$V^0$+YP}مان دەگەیەنێت، بە چەشنێک بەهۆی هەبوونی پەیوەندیی هاوسێیەتیی لە نێوان سەرو تەواوکەردا، مۆرفێمی ڕێککەوتن بەشێک نابێت لە دروستە سینتاکسییەکە. سنووری نواندنە سینتاکسییەکە تا ئەو ئاستە پەیوەست دەبێت بە فرێزە فەرهەنگییەکانەوە، ئەویش بەو پێیەی {YP} تەواوکەرێکە ڕێگا بە خستنەجێی هەریەک لە فرێزە سینتاکسییەکانی NP,DP,AP دەدات(بڕوانەهێڵکاری11). لە ئاکامی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی فرێزی فەرهەنگیی لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا بە هەمان چەشنی مۆدێلە سینتاکسییەکە، ڕەگی کردارەکە سەرێکی فەرهەنگیی دەمێنێتەوە، بەڵام پرۆژەکە لە سەر بنەمای تەواوکەرێکی دەرنەبڕاو (Null Complement) دەبێتەوە بە دووپەلکیی، بڕوانە هێڵکاریی (7)و (8). لە پاش بەرهەمهێنانی فرێزە کرداریيە مۆرفۆسینتاکسییەکە، دروستەکە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی سەرە ئەرکییەکانەوە، کە ئەوانیش هەردوو قۆناغی فرێزی ئەرکیی و پرۆژەسازدانی فراونکراوە. لەوەوە پێشبینییەکان بۆ دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە پرۆژەکە لە نێوان دوو ڕەهەندی دروستەیی جیادا بن، چونکە جگە لە(TP)یە مۆرفۆسینتاکسییەکە کە هاوشێوەی فرێزە سینتاکسییەکە تاف بەرهەمیدەهێنێت و (VP)یە مۆرفۆسینتاکسییەکە دەبێتە تەواوکەری، (ا) مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن نیشانەی ڕێککەوتنی تەواوکەرە دەرنەبڕاوەکە بن، یان (ب) بۆخۆیان فرێزێکی مۆرفۆسینتاکسیین(بڕوانە: گریمانەی بە فرێزبوونی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن/ جێناوەلکاوەکان).هێڵکاریی(7)




هێلکاریی(٨)

1- **ب) PP/P-** : وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا زمانی کوردیی خاوەن دوو دەستە پێشناوە، پێشناویی (پێ,تێ,لێ)پێشناویی مۆرفۆسینتاکسیین و لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا پرۆژەی فرێزی پێشناویی بەرهەمدەهێنن. (ئارام, 2016: 58، عەبدلجەبار ،2005: 71، محەمەد،2001: 57) دانانی پێشناوەکانی (پێ, تێ, لێ) بەتوخمی مۆرفۆسینتاکسیی دەبنە بەڵگە بۆ دانانی ئەم پێشناوانە بەسەری پرۆژەسازدەرو لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسییدا سەری پرۆژەی فرێزی پێشناویی فەرهەنگیی سازدەدەن و دەسەڵاتی دروستەییان لە پرۆژەی فرێزی پێشناوییدا دەبێت و تەواوکەرێك لەپۆلەڕەگەزی مۆرفێمی ڕێککەوتن بۆجێکەوتەی تەواوکەر هەڵاوێردەکات. بەواتا هەمیشە مۆرفێمێکی ڕێککەوتن دەبێتە تەواوکەری ئەم پێشناوانەو پرۆژەی فرێزی پێشناویی تەواو دەکەن.


پێشـناوەلکاوەکان لـە زمـانی کوردییـدا لـە هـەردوو پێکهاتـەی مۆرفۆلۆژیی و مۆرفۆسینتاکسدا بەشداریی دەکەن, لەپێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا/ لەپێواژۆی وشەدروستکردندا وەك ($X^{-1}$) وشەی ناسـادەی هەڵگـوێزراو بەرهەمـدەهێنێت. پێشـناوی لکـاویی فەرهـــەنگیی"پێ،تێ،لێ" مـــۆرفێمی وشەدروســــتکرنن و مۆرفۆسینتاکس"ڕســـتەی وشـــەییان لێبەرهەمـــدەهێنرێت. (محەمـەد,2021: 282). بـڕوانە نموونەکـانی:/ لێقـەومان، لێبـوردن، پێزانـین، تێگەیشـتن،.../، کە سـەرەڕای گـۆڕانی واتـای کـرداره بنەڕەتیـەکە، زانیـارییە سینتاکسـییەکانی پەیوەسـت بە بەرهەمهێنـانی فرێـزی کـرداریی دەگـۆڕێن، سـەرباری ئەوەش لە دروسـتە مۆرفۆسینتاکسـییەکاندا /پێ، تێ، لێ/ دەبێتە تـوخمێکی مۆرفۆسینتاکسیی ئارگومێنت داواکەر حوکمدەکەن، بەجۆرێک بلۆکی پێشناوە سینتاکسییەکان دەکەن و پێکەوە نایەن، بەوەش بەرجەستەکردنی پێشـناوە سینتاکسییەکان هەمبەر بە پێشـناوە مۆرفۆسینتاکسـییەکان دووپەلکـیی دەبێـت. بـڕوانە نوانـدن و هێڵکاریی (9)




**پ) گریمانەی بەفرێزبوونی مۆرفێمەکانی ڕێکەوتن:**

زمانی کوردیی خاوەن دوو دەستە مۆرفێمی ڕێککەوتنە (م_مان و م _ ین)، فـۆرمی جیـاوازی ئەو مۆرفێمـانە بـۆ دۆخی ڕیزمـانیی جیاواز و فرێزی ڕێککەوتنی جیاواز دەگەڕێتەوە، هـەبوونی ئەو دوو دەسـتەیە، هەرچەنـدە تـاوەکو ئێسـتا وەك جێنـاوی لکاو مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکرێـت، بەڵام نیشـانەکراویی ئەو دوو دەستەیە، ڕێکاری دروستەیی و ئەرکیی ڕێزمانیی جێبەجێدەکەن و لە ئاسـتێکدا دەبـنە سـەگمێنتی مۆرفۆسینتاکسـیی، چونکـە مۆرفێمـەکانی ڕێککـەوتن/جێناوە لکاوەکـان فـۆرم و ئاکـارێکی مۆرفۆسینتاکســــییان هەیــــەو جڵــــەوی دروســـــتەی مۆرفۆسینتاکسیی دەگرن و دەچنە سەری پرۆژەکە. پێشبینیی و گریمانەکـان بـۆ وشەدروسـتکردن و بەسـەربوونی پاشـگرو پێشـگرەکان ($X^{-1}$/ لە پێـواژۆی هەڵگواسـتندا، دەبێتە پاڵپشـتی بەسەربوونی مۆرفێمەکانی شکاندنەوەو گەردانکردنیش، ئەویش لەبەرئەوەی  مۆرفێمـە بەنـدەکانیش لە پێکهـاتەی سـینتاکس و مۆرفۆســـینتاکس تـــوخمی پرۆژەســـازدەری سینتاکســـیی و مۆرفۆسینتاکسییشـن. بە جۆرێـک وەک پێشـتر ڕوونکـرایەوە، ($X^0$)ە وشـــەییەکان حـــوکمکەرەو دۆخدەریشـــن، بەڵام ($X^0$)ە بەنـــدەکان تەنهـــا حـــوکمکەرن و ڕایەڵەی گواســـتنەوەی دۆخن/نیشـــانەی دۆخـــن. ئەوەش بە خشـــکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن، کە مۆرفێمێکی بەندی ڕێزمـانیین، پێویسـتە لـە سـنوری مۆرفۆلۆژییـدا جیابکرێتـەوە و بچێتـە نـاو پێکهاتـەی سـینتاکس، لەبەرئـەوە  وەك تـوخمێکی فەرهـەنگیی هـەموو تایبەتمەندییـە  سینتاکسـییەکانی تێـدا جێبـەجێ دەکرێـت، پەیوەسـت بە(دەسـەڵات، حـوکمکردن، دۆخ) (حبیب،...1399: 28) ئەوەش بـووتە هـۆی سـەرلەنوێ داڕشتنەوەی چەشـن و جـۆری مۆرفێمەکان، چـونکە هەریەک لەو مـۆرفێمە بەنـدانە دەسـەڵاتی پرۆژەسـازدانی سینتاکسـیی و مۆرفۆسینتاکسیشـــــیان هەیە، واتـــــا بەدەســــــەڵات و حوکمکەر/دۆخدەرن).


بەنـــدێتیی هەریـــەك لـــەو مۆرفێمانـــە بـــە مۆرفێمـــەکانی ڕێککەوتنیشەوە  وادەکات، کە: (ا) لە سینتاکسدا وەك سەرێکی ئـەرکیی بـە تەواوکەرەکانـەوە فرێـز بەرهـەمبهێنن، پـێڕەوی دووپەلکـــیی بـــکەن لە بەرهەمهێنانـــدا. (ب) ئەگەرچـــیی وادەردەکەوێت لە مۆرفۆسینتاکسدا (X)ەکە بەتەنها دروستەی فرێزەکـە پێکـدەهێنێت، بەچەشـنێك مۆرفێمێـك($X^0$) بەتـەنها دروسـتەیەکی بێکـەموکوڕیی ($X^-$) بەرهـەمبهێنێت، بەڵام وەک پێشـنیازکرا مـۆرفێمەکەوکـۆی (X)ەکـانی نـاو دروسـتەی مۆرفۆسینتاکسیی دەبنە سەرێکی تەواوکەر_دەرنەبڕاو، لە ئاستی پرۆژەسازدانەکەشـــــدا(لە ڕســـــتەی سینتاکســـــیی و مۆرفۆسینتاکسییشدا) دەبنەوە بە ($Y^-$)



هێڵکاریی(۹)

هێڵکاریی(9) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە توخمەکان لە فەرهەنگدا نـرخی $X^0$ هەیە, لـە سینتاکسـدا لـە ئاسـتی فرێـزدا پـرۆژەی فرێـز بەرهەمدەهێنن. هەمان ئەم توخمانە لە ئاستی ڕستەدا دەبن بە تەواوکەری سـەری پرۆژەی ڕستەو پرۆژەی دروستـەی ڕستـەی بێکـەمووکورت بەرهەمـدەهێنن. هـەمان ئـەم لێکدانەوانـە بـۆ توخمــە مۆرفۆسینتاکســیەکانیش دەگونجێــت بــەوەی ئــەم توخمانــە لــە کەرەســتەی بەدەســەڵاتن و پــرۆژەی فرێــزیی مۆرفۆسینتاکسیی بەرهەمدەهێنن. لە دروستەی بێکەمووکورتی مۆرفۆسینتاکســـدا وەك $Y^-$ پرۆژەکــە تێردەکــەن و دەبــن بــە تەواوکەری توخمە بەدەسەڵاتەکانی ناو دروستەکە, کە بریتیین لــە ($V^0$ , $V^-$). لەبەرئـەوە مۆرفێمـەکانی ڕێککـەوتن کۆمـەڵێك ئارگومێنتن، کە دەتـوانن بـەبێ بـوونی ئـارگومینتێکی دیکـە، کـە هــەمان ئــەرکی واتــایی(role         0)یــان هەیــە، بــەکاربهێنرێن.(فوس،2005: 130: لــە محمد ،1389: 75)و فۆرمێکی فرە زانیاریی و نیشانەکراون(پەیوەست بەوەوە بڕوانە


جێناوە سـەربەخۆکانی زمـانی ئینگـلیزی:(I,me,my) کە خۆیان فرێزیشن و نیشانەی دۆخی ڕێزمانی فرێزەکانیشن) جێکەوتەکان بـۆ توخمـەکانی نیشـانەکراون. ئەمـەش دەربـڕی ئەوەیـە، کـە نوانـدنی فـۆرمی سـەربەخۆی جێناوەکـانی نـاتوانن بەتـەواوی فـۆرمی بەنـدی جێناوەلکاوەکـان بنـوێنن, چونکـە لـە جێنـاوە لکاوەکاندا کۆی زانیاریی پەیوەست بە دروستەو و دۆخ و واتاو ناسراویی و ئاوەڵناوەکانیشەوە هەڵگیراون و نیشانەکراون(بڕوانە هێڵکاریی(10)و (١١). بەوەش دەروازەی ئەوە دەکرێتەوە، کە لـــەڕووی سینتاکســـــییەوە مۆرفیمـــــەکانی ڕێککـــــەوتن لەســـەربەخۆکاندا ڕوونـــترین. لەبەرئـــەوە (تـــۆ) ناتوانێـــت بەتەواوی(ت) یان(یت) بێت، چونکە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن بـەپێی تـاف و هـێزی کـردار لـە دابەشـبونێکی تەواوکەرانـەدان. بڕوانە هێڵکاریی(10)





هێڵکاریەکـــە(10)ئـــەوە ڕووندەکاتـــەوە کـــە زمـــانی کـــوردیی هەرچەندە بەرامبەر بە (جێناوە سەربەخۆکان) فۆرمی بەندی جێناوی لکاو/مۆرفێمی ڕێککەوتنی هەیە. بەڵام ئەم جێناوانە ناتوانن بەتەواوی ببن بە هاونیشانەی یەکترو دۆخی ڕێزمانیی یەکتر نیشانبدەن.

## 3-2) بنــــەمای پرۆژەســــازدانی فراوانکــــراو لـــــە مۆرفۆسینتاکسدا:

وەك لـە بـەشی یەکەمـدا ڕوونکرایـەوە, کـە پرۆژەســازدانی فراوانکراو بریتییە لە زیادکردنی کەس, بەواتا زیادکردنی کەس پەیوەنـدیی بـە پرۆژەسـازدانەوە هەیـە، بـەپێی بنـەمای یەکـەم پـــرۆژەی فرێزەکـان ســازدەکرێن، بەوەش هــەنگاوی دووەمی پرۆژەکـە جێبەجێـدەبێت، کـە دەبێتـە هـۆی بەرهـەمهێنانی ڕسـتە.( Ilic,2019:4 Ivona) خســتنەڕووی بەڵگــەو زانیارییـەکان لـەبارەی مۆرفۆسینتاکسـی زمـانی کـوردیی ئـەو پرسـیارە دروسـتدەکات، کـە ئایـا دروسـتەی مۆرفۆسـینتاکس هەمان ئەو هەنگاوانەی کە بۆ ڕستە پەیوەست بە پرۆژەسازدان و پرۆژەسـازدانی فراوانکـراو دەنرێـت جێبەجێـدەکات؟ یـاخود مۆرفۆسینتاکس وەك پێکهاتەیەك بنەماو پێڕەوی تایبەتی خۆی جێبەجێـدهبێت؟ بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە پێویسـتە ســـەرەتا ئـــەوەی بخەینـــە ڕوو، کـــە مۆرفۆســـینتاکس لـــە بەرهـــەمهێنانی پرۆژەکەیـدا فرێـزە بەنـدەکان وەك تـوخمی فەرهەنگیی پرۆژەکە بەرهەمدەهێنن. بە جۆرێک وەک ئاماژەی بـۆ کـرا ڕەگ جلـەوی سـیمانتیکیی دروسـتەکە دەکات, قـەد هەنگاوی یەکەمی بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکسییە. بڕوانە(پرۆژەســـازدانی مۆرفۆسینتاکســـیی) لـــە هـــەنگاوی فراوانکـــردنی پرۆژەکـــەدا بنـــەمای پرۆژەســـازدانی فراوانکـــراو پەیوەست بە مۆرفۆسینتاکسەوە دابەشدەبێت بۆ دوو قۆناغ لە قۆناغی یەکەمدا زیادکردنی کەس بۆ فرێزی تاف و پڕکردنەوەی جێکەوتـەی بکـەرو بەرهـەمهێنانی ڕسـتەی بێکـەموکورت. قۆنـاغی دووەمی پرۆژەسـازدانی فراوانکـراو پەیوەسـتە بـە دروستەی مۆرفۆسینتاکسییەوە. نواندنی بکەرو بەرکار لەفۆرمی فرێزی بەنددا, پێڕەوکردنی یاسای سینتاکسیی لە جێبەجێکردنی فرێزە بەندەکاندا, قۆناغی دووەمی پرۆژەسازدانی فراوانکراو، کە تایبەتـە بـە مۆرفۆسـینتاکس وەك هـەنگاوی سـەرووی ڕسـتە بەرهەمـدێت. لەبەرئـەوە بـەپێی بنـەماکانی تیـۆریی bar X, سینتاکس مامەڵە لەگەڵ توخمە سەربەخۆکانی ناو فەرهەنگ دەکـات وەك ($V^0$,$N^0$,$A^0$) لــە سینتاکســدا پــرۆژەی فرێــز بەرهەمـــدەهێنن. توخمـــەکانی مۆرفۆســـینتاکس کـــە لـــە لێکۆڵینەوەکانـدا بـە مـۆرفێمی شـکاندنەوە ئاماژەیـان بـۆکراوە فرێـزی مۆرفۆسینتاکسـی-ئـەرکیین/پرۆژەی فرێـزی ئـەرکیی ســازدەدەن. پێکهاتەیـەك لـە پـاش ڕسـتە بەرهەمـدەهێنن، لەبەرئـەوە: (ا)ئـەم چەشـنە پشـت بـە دەرئـەنجامی سینتاکسـیی دەبەسـتێت, هەربۆیە بەیاساکانی لێکدانەوەی پاش سینتاکس ئەنجامدەدرێت،(ب)لەڕیزبوون و خستنەتەکیەکی توخمەکاندا پێڕەوی یاسای تایبەت بە خۆیان دەکەن. (پ) وەرگرتنی دۆخی ڕێزمـانی لـە چوارچێـوەی دروسـتەکەدا لەلایـەن سـەرە دۆخدەرەکانی تایبەت بە دروستەکەوە دەبێت.(بڕوانە Jensen 484- :1984) ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە ئەم توخمانـە کەرەسـتەی مۆرفۆلـۆژیی نـین و بەشـداری پرۆسـە مۆرفۆلۆژییـەکانی زمـان ناکـەن، بەڵکـو پەیوەسـت بە ئەرک و دروستەشەوە ئاکارێکی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسییان هەیە. پرۆژەسازدانی فراوانکراو جێگیرکـردنی فرێـزی مۆرفۆسینتاکسی-"ڕێککەوتن", بۆ جێکەوتەی بکەر و پێدانی دۆخی نۆمینەتیڤ لەلایەن فرێزی تافەوە دەبێت. لە خستنەڕووەکانی پێشتردا ئەوە ڕووندەبێتـەوە، کـە مۆرفێمـەکانی ڕێککـەوتن لـە پێکهاتـەی مۆرفۆسینتاکســــدا دەبنـــــە نوێنـــــەری فرێزەکـــــانی (دیارخەریی،ناویی،ئاوەڵناویی)لـــە سینتاکســـدا. بڕوانـــە هێڵکاریی(11)




هێڵکاریی(11) پاڵپشتی دانانی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن/جێناوە لکاوەکان وەك فرێزێکی بەند، کە لەفەرهەنگدا بە زانیاریی(+پرۆژەسازدەر،+دەسەڵات،+دۆخ)گەنجکراون، لەمۆرفۆسینتاکسدا وەك فرێزێکی بەند ئەرکی تەواوکردن پرۆژەکەیان هەیە دەکات. کەواتە مۆرفۆسینتاکس لەلایەن مۆرفێمە بەندەکانەوە جڵەوی دروستەیی دەکرێت. بڕوانە هێڵکاریی (12)




سەبارەت بەو بۆچوونەش، کە مۆرفۆسینتاکس وەك پرۆژەیەکی ئامادەکراوی فەرهەنگییە لە فەرهەنگەوە وەك دروستەیەکی ئامادەکراو لە فەرهەنگەوە بەهەموو زانیارییەکانیەوە دێتە دروستەی ڕووکەش، ئەوکات پرۆسە ناوەندییەکانی ئاستی فرێز لەناو دروستەکەدا نابێت و دەبێتە نواندنی ڕستە بە مۆرفێم، کە گۆڕین نە لە جێناوەوە بۆ کلیتیك، نە لەپێشناویی سەربەخۆ(سینتاکسیی)بۆ پێشناویی لکاو (فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسیی) ڕوونادا.( محەمەد، 2001: 176-178لە ئارام ،206: 41) ئەمەش پەیوەست بە دروستەو ئەرکەوە - دۆخ، لەگەڵ گریمانەکانی نامەکەدا ناگونجێت. لەبەرئەوە نامەکە لەسەر ئەو گریمانەیە کاردەکات کە مۆرفۆسینتاکس وەك پێکهاتەیەك ئاستی نواندنی ناوەندیی پرۆژەی فرێزەکانی هەیە (بڕوانە: بەش و پارەکانی پێشتر) بەمەش پەیوەست بە دەسەڵات و دروستەو ئەرکی توخمەکان لەگەڵ بنەماکانی تیۆری (X-bar)و(case)هوە، پەیکاڵ دەبێت.

## ئەنجام:

1-مۆرفۆسینتاکس پێکهاتەیەکی ڕێزمانیی پاش سینتاکسە، ئەویش بەواتەی ئەوەی پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکس پرۆژەیەکی ناوەندیی نێوان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس نییە، بەڵکو لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردییدا پاش پێکهاتەی سینتاکسە.

2-توخمەکان لە فەرهەنگەوە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی نیشانەکراو دەبن، بەواتا زانیاری گەنجکراوی توخمەکانی پەیوەست بە حوکم و دۆخ و دیاریکردن و .... نیشانەکراوە، بەوەش لە ڕووی ئەرک و دروستەو زانیارییەوە دروستەیەکی بێکەموکوڕییە.

3. فرێزە مۆرفۆسینتاکسییەکان پرۆژەی تاکنواندنێکی فەرهەنگیین و پرۆسەکە (X)ەکان بەشداری تێیدا دەکەن و تەواوکەرەکانیان دەرنابڕدرێن(Null Complement)، ئەوەش لە کاتێکدایە کە فرێزە سینتاکسییەکان بە توخمەکانی (X , Y) سیستەمی دووپەلکیی جێبەجێدەکەن.

## پەراوێز:

*-لەبەرڕۆشنایی نامەی دکتۆرای دکتۆر عەبدلجەبار،2005-نامەی دکتۆرای دکتۆر سازان،2019- لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسیی کوردیی دکتۆر عەبدلجەبار 2020 تاڕادەیەکی زۆر پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بۆ سینتاکس کاریان تێدا کراوە، لێرەدا وەك بەسەردا چوونەوەیەك بۆ گەشتن بە هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکس و بە تێروانیی نوێ و بە گۆڕینی ئاراستەکەی بەپێی بنەمای کاری توێژینەوەکە دەستکارییەکی کەمەوە سودمان لێ وەرگرتوون.

**-بلۆککردن بریتییە لەهەبوونی فۆرمێك کە ڕێگری لەدروستکردن و بەکارهێنانی فۆرمێکی دیکە دەکات لەهەمان دەوروبەردا. ڕێگەنەدان و دەرنەکەوتنی فۆرمێکە بەهۆی بوونی فۆرمێکی دیکە لە زمانەکەدا. زاراوەکە لە بنەڕەتدا بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییانەن کە لەلایەن فۆرمێکی دەیاننوسم. دیکەوە بلۆککراون، بەو واتایەی فۆرمەکە بڕیار لەسەر نەبوونی فۆرمێکی پێشبینیکراو لەزماندا بەهۆی بوونی فۆرمێکی دیکەوە دەدات.و ئەو دیاردە مۆرفۆلۆژییەیە کە ناتوانرێت فۆرمێکی ئەگەری بۆ وشەیەك دابنرێت چونکە لەلایەن فۆرمێکی دیکەوە بلۆککراوە. بلۆککردن بەگشتی لەنێوان دوو پێکهاتەی زماندا ڕوودەدات. لەسینتاکسدا زاراوەکە ئاماژە بە بەکارهێنانی فرێز و دروستە کورتکراوەکان دەکات لەبری ڕستە. ( David, 2008: 57)لەبەرئەوە فرێزە سەربەخۆو بەندەکان لە دابەشوونێکی تەواوکەرانەدان و لە هەنگاوی بەرکار خراوییەوە دروستە سینتاکسییەکە بلۆکدەکات. ئەمەش بەو واتایەی کە توخمەکان لەشوێنی بنەڕەتی خۆیانەوە بۆ بەرهەمهێنانی فرێز لەناو پێکهاتەیەکی تری زماندا جگە لەو پێکهاتەیەی کە لەفەرهەنگدا بۆ توخمەکان نیشانەکراون بە بەهەمان واتاو مەبەستەوە دەرناکەون.

## سەرچاوەکان:


1- ئارام ڕەشید مەجید,2016, دروستەی کرداری فەرهەنگی لە فرێزی کرداریدا, نامەی ماستەر, زانکۆی سلێمانی.

2-حاتەم ولیا محەمەد,2006, پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان,نامەی دکتۆرا,زانکۆی سەلاحەدین.

3-ژینۆ نزار ئەحمەد,2023, جێندەر لەپێرەوی فەرهەنگ و ڕێزمانی شێوەزاری هەورامییدا, نامەی ماستەر, زانکۆی هەڵەبجە.

4-سازان زاهیر سەعید,2019:نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردییدا ,2019,نامەی دکتۆرا, زانکۆی سلێمانی.

5-عەبدلجەبار مستەفا مەعروف,2020, لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی,چاپی یەکەم.

6-عەبدلجەبار مستەفا مەعروف،2005،دروستەی فرێز لەزمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

7-محەمەد محەحویی,2021,مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان"مۆرفۆلۆژیی کوردیی"چاپی یەکەم,چاپخانەی کارۆ,سلێمانی

7-هێمن صلاح الدین ڕەمەزان,2015, پرۆسەو یاساکانی وشە دروستکردن لەزمانی کوردیدا, نامە ماستەر,زانکۆی سلێمانی.

8-حبیب گوهری - مهدی مهدی زاده،- غلامحسن کریمی دوستان - طیبە خوشبخت, واژەبست در کردی کلهری,1398

9-روح الله مفیدی,1386, تحول نظام واژەبست در فارسی میانە و نو , ویژەنامە دستوردورە 3

10-محمد راسخ مهند,1389, واژەبست های فارسی در کنار فعل,مجلە پژوهش های زبان شناسی,سال دوم.

11-Andrew Radford,2004: 43, An introduction to English sentence structure

12- Anne .E. Baker ,Kees, Hengeveled, Linguistics ,2012,first published, Blackwell Ltd

13- Arsalan Kahnemnyipour, 2009, Sentential stress.

14- Gisa Rauh, 2010, Syntactic Categories, oxford –Their identification and Deseription in linguistic theories.

15- David Crystal, 2008, a dictionary of Linguistics and Phonetics, sixth edition, Blackwell publishing.

16- H.Lasnik, MK Park, 2003, on the Extendedprojection principle.

17- Ivona Ilic, 2019, Extended projection principle (/EPP) in Serbian.A cross- Theoreticaly perspective.

18- Leonard H babay, 2002, subjectlessness external sub categorization, and the projection principle.

19- M. Arnoff K Fudeman, 2011, what is Morphology, second Edition.

20- Martin Hasplmath,1994,Functional categories X-bar theory and grammaticalazation theory, ,

21- v.j.cook and mark newson,2007,chomskys universal grammar ,third esucation.

22- http://primus.arts.uszeged.hu/bese/Chapter3/3.2.3.htm?_x_tr_sch=http&_x_tr_sl=en&_x_tr_tl=en&_x_tr_hl=en&_x_tr_pto=wapp (Bolcsesz Konorcium, Basic English syntax with Exercises)


## لیستی کورتکراوەکان:

| کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| $X^{-1}$ | توخمی فەرهەنگیی مۆرفۆلۆژیی/مۆرفیمی هەڵگواستن |
| $X^{0}$ | توخمی فەرهەنگیی سینتاکسیی/سەری فرێز |
| Y | تەواوکەر |
| $Y^{-}$/YP | فرێزی تەواوکەریی لەسینتاکسدا |
| XP/$X^{-}$ | فرێز |
| NP/$N^{-}$ | فرێزی ناویی |
| AP/$A^{-}$ | فرێزی ئاوەڵناویی |
| DP/$D^{-}$ | فرێزی دیارخەریی |
| VP/$V^{-}$ | فرێزی کرداریی |
| PP/$P^{-}$ | فرێزی پێشناویی |
| TP/$T^{-}$ | فرێزی تاف |
| ArgrP/$Agr^{-}$ | فرێزی ڕێککەوتن |
| Sub Agr | فرێزی ڕێککەوتنی بکەریی |
| Obj Agr | فرێزی ڕێککەوتنی بەرکاریی |
| Det | دیاخەر-دیاریکەر |
| Null Com | تەواوکەری دەرنەبڕاو |